# پەیوەندی نێوان باوك و كچ لە كۆمەڵگەی كوردیدا لە پەیوەندی هاوڕێیەتییەوە بۆ مامەڵەی كۆیلایەتی

**كچێک" پەیوەندی نێوان من و باوکم زۆر ناخۆشە بەرادەیەک تەنها لەسەر ناسنامەکەم ناوی بەناوەکەمەوەیە ، ئیتر وا هەست ناکەم باوکم هەبێت "**

ئا – شۆخان – زانكۆی سلێمانی



تا ئێستا لە كۆمەڵگای كوردیدا پەیوەندییەكانی نێوان باوك و كچ نا تەندروستە

تا ئێستا كچان لە ناو خێزاندا لە لایەن باوكانەوە مامەڵەیەكی توند و تیژیان لەگەڵدا دەكرێت، ئەم حاڵەتەش بێزاری و ناڕەزاییەكی توندی لە لای كچان دروستكردووە.

(ئەڤین) تەمەن (٢٥) ساڵ خوێندكاری زانكۆ دەڵێت"نێوانی من و باوكم زۆر ناخۆشە بە ڕادەیەك تەنها لەسەر ناسنامەكەم ناوی بە ناوەكەمەوەیە، ئیتر هەست ناكەم باوكم هەبێت"

ئەڤین لە لایەن باوكییەوە توند و تیژانە وەڵاَم درایەوە كاتێك كوڕێكی دڵخوازی خۆی چویە داوای و باوكی ڕەتی كردەوە، لە دوای ئەوەشەوە باوكی چاودێرییەكی توندی لەسەر داناوە.

ئەگەر نێوانی باوك و كوڕ هەندێك تایبەتمەندی و ئازادی و كراوەیی تێدا بەدی بكرێت، ئەوا ئەم پەیوەندییە لە نێوان كچ و باوكدا بە پێچەوانەوەیە.

(كوردە)ی تەمەن (٢٣) ساڵ دەڵێت"ئەگەر من خوازیاری ئەوەشبم لەگەڵ باوكم هاوڕێ بم ئەوا ناكرێت، چونكە پیاوەكان زۆر جیاوازن لە ژنەكان، ناتوانین ئەو كلتورە ڕەقەی كۆمەڵگە و ئەو باوك سالارییە بشكێنین"

(شەیما)ی تەمەن (٢١) ساڵ وتی"من ناتوانم لەگەڵ باوكم لەسەر سفرەیەك نان بخۆم تا ئەوەی لەگەڵیدا ببمە هاوڕێ و باسی كێشەكانی خۆمی بۆ بكەم"

(ترێ) تەمەن (٢٢) ساڵ گلەیی لە مامەڵەی باوكی كرد لەگەڵیدا و وتی"هەرگیز ناتوانم هاوڕێ بم لەگەڵ باوكم، چونكە ئەو هەر تەنها كار و پارە و خواردن و خەوتن ئەزانێت و هیچ گرنگییەك بە ئێمە نادات، تەنانەت هەندێكجار دەنگیم بیردەچێتەوە ئەوەندە درەنگ قسە دەكات لەگەڵمان"

تا ئێستا زۆرێك لە باوكان هەڵوێستێكی نیگەتیڤیان هەیە لە تێكەڵاوبوون و بوون بە هاوڕێی كچەكانیان

باوكی یەكێك لەو كچانە كە تەمەن (٦٥) ساڵە دەڵێت"ناتوانم لەگەڵ كچەكانم ببم بە هاوڕێ، چونكە ئەترسم ڕێزی خۆم لە دەست بدەم و دەسەڵاتم نەمێنێت"

لەگەڵ ئەوەی هەندێك لە باوكان دەزانن كە ژیانی كچەكانیان پڕە لە نهێنی و خۆزگە و ئاوات، بەڵام خۆیان لە گوێگرتن لە ڕاز و نیازیان بە دور

دەگرن باوکێك کە نەیویست ناوی خۆی بە ئێمە بڵێت وتی"بۆی هەیە ئەو شتەی لای هاوڕێکانی باسی دەکات لای من باسی بکات تەحەمولی نەکەم و بیکوژم"

لەگەڵ بوونی هەموو ئەو حاڵەتە ناخۆشانەدا هەندێکجاریش مامەڵەی هاوڕێیەتی و لێك تێگەیشتن لە نێوان باوك و کچەکاندا دەبینرێت.

(ئالا) تەمەن (٢٠) ساڵ خوێندکاری زانکۆ ئاماژەی بەوەکرد کە نێوانی لەگەڵ باوکی زۆر خۆشە و هەموو نهێنییەکانی ژیانی بۆ باوکی باسکردووە لەگەڵ ئەوەشدا وەکو خۆی دەڵێت بچوکترین شتی ژیانی لەلای دایکی نهێنی بووە و بۆی باس نەکردووە!!

مامەڵە کردنی توند و تیژی باوکان لەگەڵ کچەکاندا کاریگەری نێگەتیفی لەسەر ئەو کچانە دەبێت لە دوا ڕۆژ و دوای بوونە دایك، بە جۆرێك کە زۆرێك لەوانە لە ژێر کاریگەری ئەو یادەوەریەدا دەژین و دەیانەوێت هەمان نەریت درێژە پێ بدەن.

(زەکییە)خان تەمەن (٤٥) ساڵ وەکو خۆی باسی دەکات یەکێکە لەوانەی کە لە تافی کچێنیدا و لە ماڵی باوکی ڕوبەڕووی ڕێگری زۆر بۆتەوە لە ژیانی ڕۆژانەیدا. ئەو ئاماژە بەوە دەکات کە ئەمە کاریگەری سلبی لەسەر مامەڵەی دروستکردووە لە ئێستادا بەرامبەر بە منداڵەکانی خۆی، لەم بارەیەوە دەڵێت"هەست دەکەم من ناتوانم وەکو دایکەکانی تر ببمە هاوڕێی کچەکانم و ڕێگری لە کار و باری ڕۆژانەیان نەکەم"

(ئەڤین) کە هێشتا دوا دڵۆپی فرمێسکی لەسەر ڕوومەتی قەتیس مابوو بە دڵێکی پڕ لە گریانەوە وتی"لە ڕێگەی گۆڤارەکەی ئێوەوە دەڵێم، باوکی بەڕێزم دوای لێبوردن دەکەم هەتا نەتوانی گوێم بۆ بگریت هەرچەندە باوکم بیت و منیش کچی تۆ بم ناتوانم خۆشم بوێیت"



# شاری مۆسیقارە سپییەکانی

# بەختیار عەلی

# وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی فارسی



ئا - ڤین

ڤین زانیویەتی کە بەڕێز مەریوان هەڵەبجەیی ماوەی چەند مانگێکە سەرقاڵی وەرگێڕانی دواهەمین ڕۆمانی بەختیار عەلی «شاری مۆسیقارە سپییەکان»ە و ئەم کارەش لەچوارچێوەی ڕێکەوتنێکی وەرگێڕ دێت لەگەڵ دەزگای بڵاوکردنەوەی «چەشمە» کە گەورەترین دەزگای بڵاوکردنەوەی ئەدەبی و فیکرییە لە ئێراندا.

مەریوان هەڵەبجەیی یەکێکە لەو گەنجانەی کە خزمەتێکی گەورەی ئەدەبی کوردی کردووە لە ڕێگەی وەرگێڕانی شانزە بەرهەمی ئەدەبییەوە بۆ سەر زمانی فارسی.

هەڵەبجەیی بۆخۆی یەکێکە لە شەیدایانی بەرهەمەکانی بەختیار عەلی و چوار ساڵ لەمەوبەریش ڕۆمانی «ئێوارەی پەروانە»ی وەرگێڕاوە بۆ زمانی فارسی، بەڵام دەسەڵاتدارانی ئێرانی ڕێگەی بڵاوبوونەوەیان نەداوە. بەڵام ڕۆمانی«دواهەمین هەناری دونیا» لەژێر چاپدایە و پێدەچێت لە پێشانگای ساڵانەی کتێبی ئەمساڵ لە تاران نمایشبکرێت.

لە لێدوانێکی کورتدا دەربارەی ئامانجەکانی لە وەرگێڕانی دەقە ئەدەبییەکاندا لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانی فارسی، مەریوان هەڵەبجەیی ووتی " سەرەکیترین ئامانجم ئەوەیە کە ڕەنگدانەوەی ئەدەبی کوردی لە ناو ئەدەبی میللەتانیتردا هەبێت، بەتایبەتی لەمڕۆدا کە ئەدەبی کوردی قورسایی خۆی هەیە لەسەر ئاستی دونیا، بۆ نموونە هەر یەکێك لە نووسەرە ناودارەکانی ئێران ڕۆمانی «ئێوارەی پەروانە» دەبینێت دەڵێت ئەم ڕۆمانە هیچی کەم نییە لە ئەدەبی جیهانی و پرسیاری دەکات کە ئایا بۆسەر زمانەکانی هۆڵەندی و ئەڵمانی وەرگێردراوە ؟ " مەریوان ئەوەشی ووت کە هەندێك لە کەسایەتییە ناسراوەکانی ئێران ئامادەیی ئەوەیان دەربڕیوە کە لە وڵاتانی ئەوروپا بەرهەمەکانی بەختیار عەلی چاپبکەن.